بەش: زمانی کوردی

کۆلیژ: پەروەردەی بنەڕەتی

زانکۆ: سەلاحەددین-هەولێر

بابەت: وشەسازی

مامۆستا: م.بێری یاسین حسین

ساڵی خویندن: ٢٠٢٢-٢٠٢٣

**پەرتوکی کۆرس**

**Course Book**

| | |
|---|---|
| **١. ناوی کۆرس** | **کۆرسی یەکەم** |
| **٢-ناوی مامۆستای بەرپرس** | **م.بێری یاسین حسین** |
| **٣. بەش/ کۆلێژ** | **پەروەردەی بنەڕەتی/بەشی زمانی کوردی** |
| **٤. پەیوەندی** | **ئیمێل:**beri.hussein@su.edu.krd<br>**ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠٧٤٦٣٨٧٦** |
| **٥. یەکەی خوێندن لە هەفتەیەک** | **تیۆری: ٣** |
| **٦. ژمارەی کارکردن** | **لەهەفتەیەک(٣)کاتژمێر** |
| **٧. کۆدی کۆرس** | **نیمانە** |
| **٨. پرۆفایلی مامۆستا** | دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین/کۆلیژی پەروەردە-بەشی زمانی کوردی ساڵی خوێندنی(٢٠٠٦-٢٠٠٧)<br>لە (٢٠١٢/٢/٢٣) لەهەمان کۆلیژ و بەش بڕوانامەی ماستەری وەرگرتووە لە ٢٠١٢/٨/٨ لە کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی وەك مامۆستا دامەزراوە. |
| **٩.وشەسەرەکییەکان** | **لێکسیکۆلۆجی،لێکسیم، وشە، فەرهەنگ، فەرهەنگی مێشک، فەرهەنگی تاکەکەسی** |

**١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس :**

**وشەسازی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، کە قوتابی بەشی زمانی کوردی پێویستە زانیاری تەواوی لەبارەیەوە هەبێ، بۆئەوەی شارەزاییەکی باش پەیدا بکات دەربارەی وشە و دەستەواژەکانی تایبەت بە زمان بە گشتی و وشەی زمانی کوردی بەتایبەتی.**

**١١. ئامانجەکانی کۆرس:**

**ئامانج لەخوێندنی ئەم پرۆگرامە ناساندنی بابەتی وشەسازییە بەقوتابییان و باسکردنی ئەو بابەتانەیە، کە پەیوەستن بە وشە و دەستەواژەکانی زمان بەگشتی وشەکانی زمانی کوردی بەتایبەتی و ئاشناکردنی قوتابییان بەچەمک و دەربڕاوەکانی پەیوەست بەم بابەتە بۆئەوەی قوتابی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو بابەتانە پەیدا بکات کە پەیوەستن بە وشە و زاراوەکانی زمانەکەی.**

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی:**

**خۆئامادەکردنی قوتابییان لەهەر وانەیەکدا وەک ئەرکێکی سەرشانیان بەخوێندنەوەی بابەتی لەبەر دەستدابوو، کە لە لایەن مامۆستاوە پێیان دەدرێت خوێندنەوەی سەرچاوەیتری تایبەت بە تەوەرەکانی بابەتەکە بەمەبەستی دروستکردنی بازنەی گفتوگۆ لەناو پۆلدا و گۆڕینەوەی راوبۆچونەکانیان تاوەکو وانەیەکی پر لە چالاکی بەڕێوەبچێت زۆرترین قوتابییان تێیدا سودمەندبن، دەبێ قوتابییان هەوڵ بدەن لە نەهاتن دوربکەونەوە و بەشێوەیەکی رێکوپێک ئامادەی وانەکان بن ئەو سەرچاوانەی کە گرنگ و پێویستن بیانخوێننەوە و لەگەڵ راڤەو شیکردنەوەی مامۆستا و پرسیاری قوتابییان گفتووگۆکان و تێبینییەکان لەلای خۆیان تۆماربکەن .**

**١٣. رێگای وانەوتنەوە:**

**بۆ گەیشتن بە ئامانجی بابەتەکە چەندین رێگاو شێوازی جۆراوجۆر پەیڕەو دەکرێت، وەک:**

**ڕێگای ئامادەکاری(طريقة المحاضرة):**
**ئەم ڕێگایە بۆ ڕونکردنەوەی چەمک و پێناسەکانی تایبەت پشتی پێدەبەسترێت.**

**ڕێگای گفتوگۆ(طريقة المناقشة):**
**ئەم ڕێگایەش بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکە و هێنانەوەی نموونەی زیاتر لەلایەن قوتابییان و ئاڵوگۆرکردنی بیروڕا لەنێوان مامۆستا و قوتابی بەکاردێت.**

**ڕێگای پرسینەوە(طريقة الاستجواب):**
**ئەم ڕێگایە بەکاردێ بۆ پرسیارکردن لەقوتابییان بۆ دڵنیابوون لەوەی تاچەند ئامانجەکان بەدیهاتووە.**
**بێگومان بەکارهێنانی هەریەک لەم ڕێگایانەش بەگوێرەی شێوازی وانەوتنەوەکە و سروشتی بابەتەکە و بوونی سەرچاوە و هۆکاری پێویستی لەبەر دەستدابوو دەگۆڕێت.**

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**
**پێویستە قوتابی تاقیکردنەوەیەک لە مانگی ١٢ ئەنجامبدەن، کە (٤٠%) نمرەی لەسەر دەبێت(لەوانەیە بە گوێرەی ڕێنمایی بگۆڕدرێت)، تاقیکردنەوەیەکیش لە کۆتایی کۆرس ئەنجامدەدری و (٦٠)نمرەی لەسەر دەبێت.**

**١٥-پرۆگرامی بابەتی وشەسازی:**

| | |
|---|---|
| **هەفتەی یەکەم** | *هێلکاری ڕونکردنەوەی ئاستەکانی شیکردنەوەی زمان.<br>*(پێناسەی وشەسازی و ئەو زانستانەی دەیانگرێتە خۆ)<br>*وەرگێڕانی مۆرفۆلۆجی بە وشەسازی تا چەند ڕاستە. |
| **هەفتەی دووەم** | -پێناسەی لێکسیکۆلۆجیDefinition of Lexicology<br>-زاراوەی لێکسیکۆلۆجیTerm of Lexicology<br>-ئەرکی لێکسیکۆلۆجی<br>-مێژووی لێکسیکۆلۆجیHistory of Lexicology |
| **هەفتەی سێیەم** | -جۆرەکانی لێکسیکۆلۆجیTypes of Lexicology<br>-لێکسیکۆلۆجی گشتیGeneral Lexicology<br>-لێکسیکۆلۆجی تایبەتSpecial Lexicology<br>-لێکسیکۆلۆجی تیۆری Theoretical Lexicology<br>-لێکسیکۆلۆجی پراکتیکیPractical Lexicology |

| | | |
|---|---|---|
| هەفتەی چوارەم | -لێکسیکۆلۆجی چ زانستێک دەگرێتەخۆ؟<br>-زاراوەناسی(تێرمینۆلۆجی-Terminology)<br>- زانستی مێژووی وشە(ئیتیمۆلۆجی-Etymology)<br>-سیمیۆلۆجی(واتاناسی وشە-Semiology) | |
| هەفتەی پێنجەم | * پێناسەی وشە و گیر و گرفتەکانی<br>*جۆرەکانی وشە لەزمان بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی | |
| هەفتەی شەشەم | *رێگاکانی دروستکردنی وشە:<br>_دارشتنEstablishment<br>_داتاشینDerivation<br>_لێکدانInstallation<br>_میتافۆڕMetaphor<br>-زرەڕێژ<br>-وەرگێڕانTranslation<br>-وەرگرتنBorrowing<br>-کرتاندن و لێکدانەوە<br>-ئەکرۆنیمAkronym | |
| هەفتەی حەفتەم | دەربارەی فەرهەنگی مێشک و جۆرەکانیتری فەرهەنگ<br>-لێکسیکۆنLexicon<br>-فەرهەنگDictionary<br>-فەرهەنگی تاکەکەسیMental Lexicon<br>*بیرورا جیاوازەکان دەربارەی جۆرە جیاوازەکانی فەرهەنگ. | |
| هەفتەی هەشتەم | * جیاوازی نێوان فەرهەنگی مێشک و فەرهەنگی نوسراو.<br>* تیۆرە جیاوازەکان دەربارەی گەنجینەکردنی یەکە فەرهەنگییەکان و گەڕاندنەوەیان لە فەرهەنگی مێشکدا | |
| هەفتەی نۆیەم | *چەمک و جیاوازی هەریەک لە وشە و لێکسیم<br>*پۆلە فۆڕمەکان و جیاکردنەوەیان | |
| هەفتەی دەیەم | *پەیوەندی زانستی وشەسازی بە زانستەکانیتری زمانەوانی:<br>-پەیوەندی وشەسازی بە دەنگسازی | |

| | |
|---|---|
| | - پەیوەندی وشەسازی بە ڕێزمان<br>- پەیوەندی وشەسازی بە واتاناسی<br>-وشەسازی و ڕستەسازی<br>-وشەسازی و شێواز |
| **هەفتەی یازدەم** | **-گۆڕان لە ئاسەکانی زمان بەگشتی<br>-گۆڕان لە ئاستی وشەسازی** |
| **هەفتەی دوازدەم** | **-زانستی لێکسیکۆگرافی و پەیوەندی بە هەریەک لە زانستەکانی فەرهەنگسازی و وشەسازی<br>-وشەکانی زمان لە رووی پێکهاتنەوە** |

١٦:سەرچاوە بنەڕەتییەکان


١ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا(١٩٧٧)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی

٢-محمد معروف فتاح , سەباح رەشید ,چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی(٢٠٠٦) ، چاپخانەی روون

٤-مسعود محمد،زاراوەسازی پێوانە،هەولێر،٢٠١١.

٥- محەمەدی مەحویی, مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان(مۆرفولۆژیی کوردی) (٢٠١٠), سلێمانی.

٦- ستیفن اولمان، دور الكلمه فی اللغه، ت: کمال محمد بشير، مكتبه الشباب، قاهره.

7-M.A.K.Halliday and Collin Yallop, Lexicology, London New York, 2007.


:سەرچاوەی پێویستیی لەبەردەستدابوو

پێویستە قوتابی هانبدرێت ، بۆ گەڕان بەدوای هەر سەرچاوەیەکی تر کەوا یارمەتیان بدات ، بۆ باشترکردنیان لە تێگەیشتنی زیاتر لە وانەکان.

١٧-نمرەدانان

پێویستە فێرخوازان تاقیکردنەوەیەك ئەنجامبدەن کە نمرەی مانگانەی قوتابی دەگرێتە خۆ لەگەڵ نمرەی چالاکی رۆژانە، کە ٤٠%نمرەی ئەو کۆرسە پێکدێنێت، تاقیکردنەوەیەکیتریش لە کۆتای ساڵ ئەنجام دەدرێت، (٦٠ ) نمرەی لەسەر دەبێت و لە گەڵ ( ٤٠ ) نمرەکەی کۆششدا کۆدەکرێتەوە .

تێبینی: بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت گۆڕانکاری بکرێت لە هەر کاتێك ئەگەرهاتوو پێویست بکات بە ئاگاداربوونی قوتابی.

| | |
|---|---|
| | **١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت): (بابەتی پراکتیکی لە وشەسازی تایبەت دەبێت بە پێدانی نموونە بە قوتابییان بۆ شیکردنەوە)** |